# به ڕێککەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، هەڵویست و چارەنووسی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانێت چی بێت؟

**ئاسۆ باوەجانی**

شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێران باسێکە کە بە گوێرە هەواڵ و وتارەسیاسیەکانی سیاسەتوانان و رۆژنامە نووسانی سەربەخۆ ، گوزینەیەکە کە لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی دایە. لەم دۆخە و هەلومەرجە دا واتە تێکهەڵچوونی هێزەکانی ئەمریکا و ولاًتانی هاوپەیمان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆردی رۆژهەڵات یەك رێگا و یەك گوزینە دێتەبەردەم حیزبەکوردیەکان ئەوەیش ئەوەیە کە دەبیّ پیّ بە پیّ هێزەکانی دژ بە ئێران شەڕبکەن تا ئاواتی لە مێژینەیان دێتەدی.

لەلایەکی دیکە دوا وتەکانی سیاسەتوانانی زلهێزانی جیهانی و پاشان بڕیارنامەی نویّ کۆمەڵگە نێونەتەوەیی خەوەر لەوە دەدات کە نەرمش و وەرچەرخانێك لە ئارا دایە. جا ئێمە وا فەرز دەکەین کە نەهێنیّ بیّ یان راشکاوانە ئێران وەك خۆی دەڵێت کاروبار لەدامەزاروە ئەتۆمییەکانی وەك سەهام دابەش دەکاتە سەر ولاًتانی دیکەش ، واتە لە گەڵ رووسیا چەند ولاًتی دیکەش لە بەڕێوەبردنی کاروباری دامەزاوەکان بەشداری بکەن. ئەمەش بۆئەوەیە کە ئێران بیسەلمێنێت کە بە مەبەستی سەربازی و ساز کردنی چەکی ناوەکی لەم وزەیە کەڵك وەرناگرێت. کەواتە رێگەچاەری دیپلۆماسی یەکەم گوزینەیە کە ولاًتانی 1+5 یش ئەوێستاکەش لە سەری سوورن. لەلایەکی دیکەوە کاندۆلیزا رایس ئەوەی راگەیاندوە کە ئەگەر ئێران بە مەرجەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی گوێڕایەڵ بێت ئەوا ئەمریکا لە گەل ًئێران دا وتوویێژی راستەخۆ دەکات.لەم حاڵەتەدا لەوانەیە پتر لە یەك گوزینە بێتەبەردەم ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەلاًت.

لەوەها دۆخێك دا ئێوە پێتان وایە چارەنووس و هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵات کە لە باشووری کوردستان نێشتەجی ًدەتوانیّ چی بێت؟

---

خوێنەری بەڕێز ئەگەر وەلاًمێك یان تێبینیەکت هەیە بەم ئادرێسەی خوارەوە رەوانە کە.

Babacani_aso@yahoo.com